# زمانی ئاگر

**فەرەیدوون موشیری**
**لە فارسییەوە: نێچیروان شوانی**



تفەنگەکەت لەسەر زمانی زەوی دابنێ
کە من بێزارم لە دیدەنیی ئەم خوێن تکانە بێ یاساییە
تفەنگی دەستی تۆ، یانی زمانی ئاگر و ئاسن
من وام لەبەردەم ئەهریمەنی ئەم ئامرازە ڕیشەکەنە
جگە لە زمانی دڵ هیچی ترم نییە، دڵێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی تۆ
تۆ ئەی لەگەڵ دۆست، دوژمن.

❊ ❊ ❊

زمانی ئاگر و ئاسن
زمانی تووڕەیی و خوێنڕێژییە
زمانی قینی جەنگیزییە (❊)
وەرە، دانیشە، بڵێ، گوێ لە قسە بگرە، لەوانەیە
تیشکی مرۆڤایەتیت ڕێگەی دڵت ڕۆشن بکاتەوە.

❊ ❊ ❊

برا ئەگەر دەتەوێ وەکو برا دابنیشین
تفەنگەکەت لەسەر زەوی دابنێ
تفەنگەکەت لەسەر زەوی دابنێ تا لە جەستەی تۆدا
ئەم دێوە مرۆڤکوژە بڕواتە دەرێ.

❊ ❊ ❊

تۆ چی لەبارەی ئایینی مرۆڤایەتییەوە دەزانی؟
ئەگەر خودا گیانی داوە
بۆ دەبێ تۆ بیبەی؟
بۆ دەبێ کە لە یەک چرکەی ناهۆشیاری، ئەم برایە
لە خاک و خوێن بگەوزێنی؟

❊ ❊ ❊

گریان لە هەموو بارێکی ڕاستیگوتن و بەدوای ڕاستی گەڕان
تۆ ڕاستی
بەڵام – برا گیان – ڕاستی بە ستەمی ئەم زمانە
ناتێگەیشتووە ئاگراوییە
نادۆزرێتەوە
ئەگەر ئەم جارە ویژدانی خەواڵووت بێدار بووەوە،
تفەنگەکەت لەسەر زەوی دابنێ!

**(❊) جەنگیز: مەبەست لە جەنگیزخانی مەغۆلییە.**

**سەرچاوە:**

**https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B2%D8%A8%D8%A7%D9%86_%D8%A2%D8%AA%D8%B4**